ڕێكخراوی خەبات ی شۆڕشگێڕی كوردستانی ئێران

The Revolutionary Khabat Organization Of Iranian Kurdistan

# كورتە مێژووی ڕێكخراوەكەمان

---

پاش سەركەوتنی شۆڕشی ملیۆنی خەڵكی ئێران لە دژی ڕژێمی شایەتی و ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە زۆردار و خۆسەپێنە بارودۆخێكی سیاسی گونجاو لە سەرانسەری ئێران و كوردستان بەتایبەتی پێكهات و كەمە نەتەوەییەكانیش ئاهێكیان هاتەوە بەر و تامی ئازادیی و ڕزگاریان چێشت و لە مەیدانی سیاسی كوردستانیش دا حیزب و ڕێكخراو و كۆمەڵەی جیاجیا بە بیرو باوەڕی لێك جیاوە دەستیان بە كار و تێكۆشانی خۆیان كرد.

لەو بارودۆخەدا بوو كە كۆمەڵێك لە ڕۆڵە خەمخۆرەكانی كورد لەو بەشەی كوردستان دا هەستیان بە بۆشاییەكی گەورە لە گۆڕەپانی سیاسی كوردستان دا كرد. هەر بۆیە بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەلێنە گەورە و بەرچاوە قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵی و چالاكانە كەوتنەخۆ. لە ئەنجامی ئەو كۆشش و هەوڵانەدا كۆمەڵێك مامۆستا و ڕۆڵەی بەئیمان و دڵسۆزی كوردستان ڕاوێژێكی تێر و تەسەل و لێكدانەوەیەكی ورد لە **5** ی خەرمانانی **1359** ی كۆچی هەتاوی (**1980/8/27** ی زایینی) دا دامەزرانی ڕێكخراوێكی سیاسی كە خاوەنی بەرنامەی ڕەسەنی ئیسلام و هەستی پاكی كوردایەتی بێ ڕاگەیاند و مژدەی دروستبوونی " ڕێكخراوی خەبات،ی نەتەوایەتی و ئیسلامی كوردستانی ئێران" یان بەگوێی گەلی كوردستان گەیاند و دڵی جەماوەری كوردیان خۆش كرد.

ڕێكخراوی خەبات هەر لە یەكەم ڕۆژی دامەزرانییەوە لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەڵكی كوردستان بەرەوڕوو بوو.لە گۆڕانكاریەكانی كوردستانیش دا خەبات وەك ڕێكخراوێكی ڕەسەنی كورد تێكۆشان و خەباتی خۆی لە هەموو بوارێك دا دەست پێ كرد و پێشمەرگە بڕوادار و بەئیمانەكانی ئەو ڕێكخراوە بۆ خزمەتی ئایین و نیشتمانی كورد دڵسۆزانە تێكۆشان. زۆری نەبرد هێرشی ڕژێمی خومەینی بۆ سەر كوردستان بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بە زۆری چەك دەستی پێ كرد، لە ئەنجامیش دا گەلی كورد بۆ بەرگری لە خاك و وڵات و پاراستنی شەرەف و بوونی خۆی بەرگری كرد. پێشمەرگە و ئەندامەكانی خەباتیش لەو هەل و مەرجە سەختەدا لەسەر بنەمای ئایینی پاكی ئیسلام لە بەرگری لە نیشتمان دا سەربەرزانە بەشداریان كرد و قارەمانەتیان نواند و قوربانی بەنرخیان پێشكەش كرد كە لە ڕیزی پێشەوەیان شەهیدانی سەركردە مامۆستا سـیـد خەلیل شەریفیان و مامۆستا سـیـد عبداللە ئارام (مامۆستا وریــا) ، كە هەردووكیان ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی بوون، دەبیندرێن.

ڕێكخراوی خەبات هەر لە سەرەتاوە دەزگای ڕاگەیاندنی وەك هۆیەكی گرنگ و گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی خۆی دیاری كرد. لەم بوارەش دا لە ووشیار كردنەوەی جەماوەری كوردستان و بڵاوكردنەوە و زیندوو ڕاگرتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ڕۆشنبیر كردنی لاوان و پاراستنی داب و نەریتە ڕەسەنە پاكەكانی كوردەواری هەمیشە لە خزمەت گەلی كورد دا بووە. زۆری پێ نەچوو وەك هەنگاوێك بۆ بەرەوپێش چوون لەم بوارەدا و خزمەت كردنی زیاتر لە خاكەلێوەی **1364** (ئەپریلی **1985** ) دا ئێزگەی ڕادوێی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕێکخراوی خەبات کەوتە کار و ڕاگەیاندنی خەبات پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. لە مەیدانی ڕۆژنامەگەریش دا هەر زوو خەبات بە دەرکردنی بەیاننامە و ڕاگەیەندراو و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر تێکۆشانی خۆی دەست پێ کرد کە بەرچاوترینیان دەرکردنی گۆڤاری مانگانەی "تـێـکـۆشـان" ئۆرگانی گشتی خەبات و دواتریش گۆڤاری وەرزانەی "بـێـسـتـان" بوون. ئەمە جگە لە دەرکردنی ژمارەیەک نامیلکە و زنجیرە وتاری جۆراوجۆر.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە کە بەداخەوە هەر لە ساڵانی یەکەمی خەباتییەوە بە هێند نەگرتنی بنەمای ڕاوێژ و خۆسەپێنیی و تاک ڕەویی لەلایەن کەسانێکەوە لە سەرکردایەتی خەبات دا، بوو بە برینێک و جەستەی خەباتی زامدار کرد و شوێنەواری نەخوازراوی بەرچاوی لەسەر کاری ئەو ڕێکخراوە و ڕەوتی گەشەکردنی دانا.درێژەدان بەم ڕەوتە و کارکردن و تێکۆشان لەگەڵ کەسانێکی وادا کارێکی دژوار و حەستەم بوو هەر بۆیە ناچار لە کاردانەوەیەکی حەکیمانە و هەڵوێستێکی بەرپرسانە و ژیرانەدا زۆرینەی ئەندامانی ناوەندی و کادر و پێشمەرگەکانی خەبات لە **3** ی جۆزەردانی **1366** ی کۆچی هەتاوی (**1987/5/24**) دا خۆسەپێن و پاوانخوازانیان لە ڕیزی خەبات دوورخستەوە. بەم هەنگاوە تێکۆشانی خەبات قۆناغێکی هەستیار و ترسناکی تێپەڕکرد و بەسەر لەمپەرێکی گەورەدا سەرکەوتوانە تێپەڕی و لە ئەنجامیش دا ووشەی "شـۆڕشـگـێڕ" بۆ دەستەواژەی "ڕێکخراوی خەبات،ی کوردستانی ئێران" زیادکرا و "ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران" بوو بە پێناسە.

سەرەڕای ئەو هەموو بەربەست و ڕێگرانەی لەلایەن دوژمن و ناحەزانەوە لەبەردەم گەشەی ڕێکخراوی خەبات، ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران قوت کراونەوە بەخۆشییەوە رۆڵە بەئیمان و تێکۆشەرەکانی ئەو ڕێکخراوە توانیویانە بەسەر هەموو ئەو لەمپەرانەدا زاڵ بن و مێژوویەکی پاکی پڕ لە دەسکەوت تۆمار بکەن و خزمەتی مەزن و قوربانی بەنرخ پێشکەش بکەن و هەرگیز لە خزمەت بە ئیسلام و کوردستان بۆ ساتێکیش کۆڵ نەدەن. ئیمان بە خودا و پاشان بەخۆ بوون و لەخۆ بوردوویی و ماندوویی نەناسی و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی لە قۆناغە زۆر سەختەکانی خەبات دا و خۆ دوور گرتن لە پاشکۆیی، بە شاهیدیی دوژمن و نامۆ و خۆییش، لە دەسکەوتە هەرە مەزنەکانی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانن و جێی شانازیی و سەرفرازیی خەباتی یەکانن.

ئەمڕۆش پاش تێپەڕبوونی ئەو تەمەنە پڕ لە تێکۆشان و سەروەرییە ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران بە ئیمانێکی پتەوتر و باوەڕێکی قاییمتر بە ڕەوایی کێشەی گەلی موسڵمانی کورد هەروا لە گۆڕەپانی تێکۆشان دایە و لە خزمەت بە دین و نیشتمانی کورد لە ریزی پێشەوەی سەنگەری بەرگری دا لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستانیش دا چالاکانە و ماندوویی نەناسانە لە خەباتی پیرۆزی دا بەردەوامە و تێکۆشانی خۆی بە هەموو شێوەیەکی گونجا و درێژە پێ دەدا شاعیر گوتەنی " تا ئەو کاتەی پشت بە یەزدان ، گەل لە دیلیی دەبێ ڕزگار ".

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com